# جەستەی بێدەنگ

پەری شێخ سالَح
(سلێمانی)

ڕەنگی ملوانکەکەم لە ئاوێنەکەدا نیشتووە،
وەک بلَێی ئاوێنە..
ئەو بیرەوەرییە ئەبەدییەی نایەوێت دوایین وێنەی
تۆ لەناو خۆیدا بکوژێنێتەوە.
بوونت میوانێکی یاخییە، لە هەوای ژوورەکەدا
نیشتەجێ بووەو کۆچ ناکات،
جێپەنجەکانت بەدەسکی دەرگاکەوە مۆرکێکی
پیرۆزن،
هەموو ڕۆژێک دەستی من ، لەجیاتی دەستی تۆ
ماچیان دەکات.
لەو ساتەوەی چوویت،
کاتژمێرەکەی سەر دیوارەکەش بووە بە شوێنەوار،
چرکەکانی وەک دلَەخورپەی من ، لە جێی
خۆیاندا دەلەرزن و ناڕۆن.
ئای لەو کتێبە نیوەچلَانەی سەر مێزەکە وەک
جەستەی بێگیانی لێهاتووەکان،
هێشتا نیشانەیەک لە هەناوی لاپەڕەکاندا جێماوە،
تا پێم بلَێن: هێشتا چیرۆکەکەمان
تەواو نەبوویەکی هەتاهەتاییە.
تۆ مێژوویەکی درێژی لە ونبوون..
وەک ئەستێرەیەکی کشاوی یاخی لە هەور
نە ئاسمان تۆی گرتەوە و
نە زەوی ئامێزی بۆ کردیتەوە،
تەنانەت وەک غەریبانەترین بارانیش ،
جارێکی تر نەباریتەوە سەر تینوێتی من،
لێرە من و بێدەنگیی ئینجانەکان دەدوێین،
ئاو و فرمێسک تێکەلَ دەکەم و دەیاندەم بە
گولَەکان



ئاودانی ئەوان تینوویّتی من دەشکێنێت،
چونکە لە شەفافیی پەڕەکانیاندا سافیی دڵت
دەدۆزمەوە،
چەندە مێژوویییە پیاسە نەکردنمان!
شەقامەکان چیتر ڕێگا نین، مۆزەی چاوەڕوانین،
عەموودەکان وەک بتی سەردەمە کۆنەکان
لەبەردەم غەریبی مندا ڕەق بوون و ناچەمێنەوە،
تەنانەت میزەڵدان فرۆشەکەش
ئەو پیاوەی هەوا دەفرۆشێت لەخەونی دڵمان
تێگەیشت،
میزەڵدانێکی سووری بۆ هەڵداین
تا پەیامێکی بێدەنگ ببات بۆ ئەو مەنفایەی تۆی
تێدا ونی.
ئاخۆ چەند خەونی تر لەو سەرەوە، لەناو
هەورەکاندا گیری خواردبێت؟
چەند نامەی تەڕ و وشەی نەنێردراو،
لە ئاسمانی بێ ناوونیشاندا مات مابێتەوە؟
من نەک هەر ئاسمان، ناو تابلۆ بێدەنگەکانیش
دەگەڕێم،
لە قەدی ئەو جلانەی هێشتا بۆنی ئامێزی تۆیان
لێ دێ،
دەست بۆ شووشە بۆنە
بەتاڵەکەت دەبەم.
ئەو شووشەیەی تەنها خاڵیبوونی تۆی تێدا
قەتیس ماوە،
بێدەنگیی ئەم ماڵە سوارچاکێکی بێبەزەیییە،
بەناو ڕاڕەوەکانی ڕۆحمدا ئەسپەکەی غار دەدات.
تۆ نیت ... بەڵام سێبەرەکەت بە دیوارەکانەوە
چەسپاوە،
من وەک بەئاگایەکی ماندوو،
لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا دەخولێمەوە
دەترسم گڵۆپەکان بکوژێنمەوە و
ئەو تیشکە کەمەی لە ملوانکەکەمەوە دەدرێتەوە
لە تاریکیدا بخنکێت.
تەماشا بکە... ڕێگاکانیش وەک من ماندوون
لەژێر هەنگاوە تەنهاکانمدا، چەوی شەقامەکان
دەرکەوتووە،
وەک بڵێی زەویش پێستی هەڵوەرێ،
لە بێزاری بینینی سێبەرێک کە هەمیشە بە تەنها
بەسەریدا تێدەپەڕێت.
لەم ماڵەدا...
من و تریفەی ملوانکەکەم و بێ زمانی دیوارەکان
بووین بە یەک جەستەی بێدەنگ،
من لێرە نیم
ئەو هەناسە خنکێنراوەم
کە لەترسی ڕەوینەوەی تارماییەکەت
لەناو شووشە بۆنە بەتاڵەکەتدا
خۆم شاردۆتەوە.